# چەند وتەیەکی بێ وێنە
# لەمەڕ
# حوکم و جۆرەکانی وێنە




نوسینی
مروان کوردی

# پێشەکی

﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾

الحمْدُللهِ الذِي بِيَدِهِ مَقَاليدُ الأُمُور، الخَاذِلِ أَهْلَ الفِسْقِ والفُجُوْر، والصَّلاةُ والسَّلامُ عَلَى مَنْ أتَى شَارِحاً لِلصُّدُوْر، نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ الكَاسِرِ صَنَمَ الفَخْرِ وَالغُرُوْر، وَعَلَى آلِهِ وَ صَحْبِهِ المُبَرَّئِيْنَ مِنَ الكَسَلِ وَالفُتُوْر، وَ عَلَى أُمَّتِهِ الَّتِي أَزَالَتْ مَا فِي الأَرضِ مِنَ الشُّرُوْر، وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحْسَانٍ إِلَى يَوْمٍ يُنْفَخُ فِي الصُّوْر. أَمَّا بَعْدُ:

لەم سەردەمی غوربەتەدا، کە غوربەتی دین و عەقیدە و ئیسلامەتیە، سەردەمێکە دوژمنانی ئەم ئیسلامە لە گشت لایەکەوە نینۆکیان گیراندوەتە بنچینە راسخ و دامەزراوەکانی، وە کەڵبەیان توند کردووە لە بنەما نەگۆڕەکانی و هەر جارەو هەوڵی پچڕینی دانەیەکی ئەدەن!!

جا ئەوەی کە جێی داخە لێرەدا ئەوەیە زۆر جار ڕۆڵی ئەم واقیعە تاڵە مسوڵمانەکان ئەیگێڕن، ئەو خەڵکانەی کە زۆر جار ئێمە دڵمان پێیان خۆشبووە لە تەنگانەدا دوای خوای پەروەردگار پشتیان پێ ببەستین و ئەوانیش هاوکارمان بن، بەڵام نا ئومێدیان کردوین هەر وەکو شاعیر ئەڵێت:

وَكُنَّـــا نَعُـــدُّكَ للنَّائِبَـــاتِ　　　　فَهَـا نَحْـنُ نَطْلُـبُ مِنْـكَ الأَمَانَـا

واتە: (ئێمە وامان حسێب ئەکردی کە لە کاتی بەڵاو ناهەمواری پشتت پێ ببەستین، بەڵام وا ئەمڕۆ پەنات پێ ئەگرین لە شەڕت بە دووربین)[1]

جا بەداخەوە لەم ساتە وەختەدا کە گومان گەلێک وروژێنراوەو ئەوروژێنرێت، دەربارەی قورئان و سوننەت و مێژووی ئیسلامی، لە لایەن چەندین تەیار و ڕێچکەی جیا جیا کە گشت وزەو توانای خۆیانیان بەگەڕ خستووە تاوەکو لاوی مسوڵمان تووشی گومان بکەن، ئا لەم کاتە ناسکەدا ئێمە ناچارین لەسەر بابەتێک بنووسین کە هێندە شایستەی گەورە کردن و لەسەر نووسین

[1] ئەگونجێت بەم شێوەش لێک بدرێتەوە: ئێمە تۆمان بۆ تەنگانە دانابوو ، دە وا ئەمڕۆش تەنگانەیەو هانامان بۆت هێناوە.

نیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵێك مسوڵمان زۆر پێوەی مەشغوڵ بوون و خەڵکانی تریشیان مەشغوڵ کردوەو ناچاریان کردوون پرسیار بکەن و زۆر جار لێمان ئەپرسن دەربارەی، بەو پەڕی ناچاریەوە خامە لەسەر پەڕە دا ئەنێین و لەسەر جۆرەکانی وێنە و ناساندنیان و حوکمەکانی ئەنووسین، وە ئەم چەند پەڕۆچکەیەی بەردەستمان ناو ناوە (چەند وتەیەکی بێ وێنە لە مەڕ حوکم و جۆرەکانی وێنە)، وە مەبەستمان گەورە کردنی وتەکانی خۆمان نیە لە بەکار هێنانی وشەی (بێ وێنە) ، بەڵکو ئەو بەڵگانە بێ وێنەن کە باسکراون ، هەر ئەمەش بووە پاڵنەر کە ڕازیبین بەو ناونیشانە!!

جا داواکارم لە خوای گەورە ئەوەی کە ئەیلێین لەبەر خاتری خۆی بێت و بەدووربین لە ڕوپامایی و دەمارگیری، وە داواشم لە خوێنەری بەڕێزە پێش خوێندنەوەی بابەتەکە ڕەچاوی ئەم ئایەتە پیرۆزە بکات:

﴿ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ ﴿١٨﴾﴾ الزمر

ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مژدە بدە بە بەندەکانم، ئەوانەی کە وتەکان ئەبیستن و شوێنی باشترینیان ئەکەون، جا ئائەوانە خوای گەورە هیدایەتی داون و هەر ئەوانیشن خاوەن ژیری و تێگەیشتنن.

وە هەر لەم ئاسۆیەوە پێشەوا "ئیبن حەزم" ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرموێ:

﴿ إذَا وَرَدَ عَلَيْكَ خِطَابٌ بِلِسَانٍ، أَوْ هَجَمْتَ عَلَى كَلاَمٍ فِي كِتَابٍ، فَإِيَّاكَ أَنْ تُقَابِلَهُ مُقَابَلَةَ المُغَاضَبَةِ البَاعِثَةِ عَلَى المُغَالَبَةِ قَبْلَ أَنْ تَتَيَقَّنَ بُطْلاَنَهُ بِبُرْهَانٍ قَاطِعٍ، وَأَيْضاً فَلا تُقْبِلْ عَلَيْهِ إِقْبَالَ المُصَدِّق بِهِ، المُسْتَحْسِنِ إِياهُ قَبْلَ عِلمِكَ بصحّتِهِ بِبُرهانٍ قاطِعٍ، فَتَظْلِمَ فِي كِلا الوَجهَيْنِ نَفسَكَ، وَ تَبْعُدَ عن إدراكِ الحَقيْقَةِ ﴾[1]

واتە: کاتێك وتەیەك بەسەرتا تێ ئەپەڕێت بە بیستن یاخود وتەیەك ئەبینیت لە کتێبێکدا، ئەمان نەکەی خێرا بەرەنگاری ببیتەوە بە بەرەنگاربوونەوەیەك کە بەسەریا سەرکەویت پێش ئەوەی بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر پوچی وتەکەت بۆ دەرکەوێت، وەهەروەها وەهاش ڕوو مەکە وتەکە بە

[1] الاخلاق والسير لابن حزم الظاهري ، ص: ١٩٥ ، دار ابن حزم ، ت: عبدالحق التركماني

ڕوو تێکردنێك کە بەباشی بزانیت و پەسەندی بکەیت و بەڕاستی بزانیت پێش ئەوەی زانیاریەکی پتەوت لەبارەیەوە هەبێت، جا ئەوکاتە ستەم بکەیت لە نەفسی خۆت لە هەردوو حاڵەتەکەدا، وە دوور بکەویتەوە لە پەی بردن بە حەقیقەت.

وە بێگومان ئەم نووسینەی منیش خاڵی نیە لە کەمو کورتی و ڕەخنە و گازەندە، جا بۆیە پێش خوێندنەوەی ئاگادارت ئەکەمەوە لەوەی ڕەنگە حەق و ڕاستی میوانمان نەبێت، جا تۆش بەم نووسینەی من بڕوا مەکە و مەیکە بە تاکە سەرچاوەی بڕیاردانت.

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە ئەوەی ئەیلێین پاك و بێگەرد و بێ خەوشی بکات بۆ خۆی.

وَ صَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَ عَلَى آلِهِ وَ صَحْبِهِ وَمَنْ وَالاهُ

**مەروان کوردی**

salafimarwan@gmail.com

# وشەی (الصُّورَة) لە زمانەوانیدا

دیارە کە باسکردنی هەر بابەتێك و لەسەر نووسینی پێویستی بە ناساندنی (زمانەوانی)ە لەسەرەتادا چونکە ڕاستەوخۆ کاردانەوەی ئەبێت لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە .

زانای زمانناسی گەورە "ئیبن فارس"ڕەحمەتی خوای لێبێت" ئەفەرموێ: (الصُّورَةُ: صُورَةُ كُلِّ مَخْلُوقٍ، وَالْجَمْعُ صُوَرٌ، وَهِيَ هَيْئَةُ خِلْقَتِهِ)[1]

واتە: (وێنە)، وێنای گشت درووستکراوێك، بریتیە لە ئاکار و بنیادەکەی.

وە هەروەها پێشەوا (ئیبن اثیر) ئەفەرموێ:

(فِي أَسْمَاءِ اللَّهِ تَعَالَى «الْمُصَوِّرُ» وَهُوَ الَّذِي صَوَّرَ جميعَ المَوْجُوداتِ ورتَّبها، فأعْطَى كلَّ شَيْءٍ مِنْهَا صُورَةً خاصَّةً، وهيْئةً مُنْفَرِدةً يتميَّزُ بِهَا عَلَى اخْتِلافِهَا وَكَثْرَتِهَا)[2].

واتە: لە ناوەکانی خوای گەورەدا «الْمُصَوِّرُ»، ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانەی کە بوونیان هەیە درووستی کردوون و ڕێك و پێکی کردوون، وە بە هەر یەکێکیشیان شێوازێکی تایبەتی داوە لەگەڵ ئاکارێك کە پێی جیا ئەکرێتەوە لە غەیری خۆی ، سەرەڕای جیاوازی و بێ شوماریان).

لێرەوە بۆمان ڕووماڵ ئەبێت کە لە زمانەوانیدا وشەی (الصُّورَة) مانای درووستکردن و خولقاندن لەخۆ ئەگرێت، وە ئەمەش خۆی بۆ خۆی کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی ئەبێت لەسەر حوکمەکەی، وە حوکمی شەرعی هەمیشە حەڵقە ئاوێزی حەقیقەتی شتەکانەو لەگەڵ گۆڕانی حەقیقەتدا حوکمەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت شتەکان ئەگۆڕدرێن.

---

[1] معجم مقاييس اللغة لابن فارس ٣٢٠/٣ ، ت: عبد السلام محمد هارون ، دار الفكر ، ١٣٩٩هـ .

النهاية في غريب الحديث والأثر لابن الأثير ٥٨/٣ ، ت: طاهر الزاوي ، و محمود الطناحي ، المكتبة العلمية –بيروت– ١٣٩٩هـ . و
[2] لسان العرب لابن منظور ٤٧٣/٤

وە ئەمەش ئەبێتە دەروازەیەك بۆ تێگەشتن لە حوكمی شەرعی وێنەو ئەوەی لەبارەیەوە هاتووە لــە فەرموودەكانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و وتەی زانایان.

# جۆرەکانی وێنە لە ئەمڕۆدا

ئەگەر بێت و بمانەوێت بەتەواوی وێنە و ئەو شتانەشی کە پێوەی گرێ دراون هەژمار بکەین، لە ژمارە نایەن بە هۆی زۆری جۆر و شێوازەکانیەوە، بەلاّم ئەتوانین بلێین جۆرەکانی وێنە لە سەردەمی ئێستەماندا دابەش ئەبێت بەسەر ئەم چەند جۆرە دا و لەم شێوازانەدا خۆی ئەبینێتەوە:

یەکەم: ئەو شتانەی هەڵە کۆڵرێن، لە تەختە و بەرد و هەر کەرەستەیەکی تر.

دووەم: نەخشاندن لەسەر قوماش و جل و بەرگ و کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانە.

سێیەم: وێنە کێشان بە دەست، جا ئەگەر بێت و تابلۆیەکی هونەری بێت یاخود لەسەر کاغەزێك نەخشێنرابێت، وە ئەمەش ئەبێتە دوو بەشەوە :

- کێشانی وێنەی گیان لەبەر
- کێشانی وێنەی بێ گیان

چوارەم: کاریکاتێر و ئەفلام کارتۆن و ئەو جۆرە یاریانەی بۆ منداڵان درووست ئەکرێن.

پێنجەم: وێنەی فۆتۆگرافی، ئەمەش دیارە بە هۆی ئەم ئامێرە تازانەوە وە دەست دێت و لەم دواییانەدا پەیدا بووە، وە ئەمیش دیسانەوە دابەش ئەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی:

- وێنەی بێ جوڵە: کە نمایش و وێنای یەك دیمەن ئەکات
- وێنەی جوڵاو: ئەمیش بریتیە لە چەند وێنەیەکی بەسەر یەکەوە کە گرتەیەکی جوڵاو پێك دێنێت، وە پێی ئەوترێت (ڤیدیۆ)

لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە (وێنە) چەندین جۆری هەیە و لە تاکە جۆرێکـدا خـۆی نانوێنێـت تاوەکو یەك حوکمی هەبێت، جا بۆیە هەوڵ ئەدەین بە پێی توانا هەندێك تاوتوێی بابەتەکە بکەین و بەڵکو بگەینە دەرەنجامێکی ئارام بەخش و دڵنەوا کار.

## لێکدانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) لە بارەی ( الصُّورَة )

ئەگەر بێت و سەیری کتێبەکانی فەرموودە بکەین ئەوە ئەبینین فەرموودەگەلێك هاتوون لە بارەی (الصُّورَة)، کە لە هەندێکیاندا باسی ئەوە کراوە کە حەرامە، وە لە هەندێکی تردا هەڕەشەی سەخت کراوە لەو کەسەی کە هەڵەسێت پێی، وە لێرەدا بە پێویستی ئەزانین کە فەرموودەکان بهێنین و شەن و کەوی ماناو لێکدانەوەیان بکەین، ئەوەی کە هەڵی ئەگرێت لە ماناو ڕونکردنەوە بیخەینە بەر دیدەی تۆی ئازیز، جا لەو فەرموودانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون:

فەرموودەی یەکەم:

عَنْ عَبْدِاللَّهِ بْنِ مَسْعُوْدٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَذَابًا عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ القِيَامَةِ المُصَوِّرُونَ»[١]

واتە: لە "عبدالله"ی کوڕی "مسعود"ەوە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو(صلى الله عليه وسلم)، ئەیفەرموو: سەختترین سزا لە لای خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا بۆ (مصور)ەکانە.

ئەبینین ئەم فەرموودەیە بە ڕاشکاوی باس لە (پیشەی وێنە ئەکات)، کە چ هەڕەشەیەکی سەختی لەسەرە، بەڵام لێرەدا لەسەر ماناو لێکدانەوەی ناوەستین بەڵکو تەنها، فەرموودەکان ئەخەینە بەر دیدەی بەڕێزتان.

فەرموودەی دووەم:

عَنْ أَبِي هُرَيرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ، قَالَ رَسُوْلُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: « وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذَهَبَ يَخْلُقُ كَخَلْقِي، فَلْيَخْلُقُوا حَبَّةً، وَلْيَخْلُقُوا ذَرَّةً »[٢]

---

[١] رواه البخاري ١٦٧/٧ ، برقم: (٥٩٥٠) ، ت: محمد زهير بن ناصر الناصر ، دار طوق النجاة ، ط: الأولى، ١٤٢٢هـ. ومسلم ١٦٧٠/٣ ، برقم: (٢١٠٩) ، ت: محمد فؤاد عبد الباقي ، دار إحياء التراث العربي – بيروت

[٢] رواه البُخاري١٦٧/٧ ، برقم: (٥٩٥٣) ، ومسلم ١٦٧١/٣ ، برقم: (٢١١١)

واتە: لە "ئەبی هورویرە"وە و ئەویش لە پێغەمبەری خواوە(صلى الله علیه وسلم) فەرمووی: خوای گەورە ئەفەرموێ: کێ هەیە لەو کەسە ستەمکار تر کە هاوشێوەی درووستکراوەکانم درووست ئەکاتەوە، دەی بابڕوات دەنکێك لە دانەوێڵە یان هەر شتێکی بچووك درووست بکات.

جا وشەی( حَبَّةً ) بۆ هەر پارچەیەکی بچووکیش بەکار دێت لە شتێك، ئەمەش ئەوپەڕی تەحەددایە بۆ ئەوانەی خۆیان بەخوای گەورە ئەچوێنن بە کردەوەیان، وە هاوشێوەی درووستکراوەکانی خوای گەورە درووست ئەکەنەوە، یاخود لە هەر شتێکدا خۆیان بە خوای گەورە ئەچوێنن، جا با نیازیشیان خۆ چواندن نەبێت و لە دڵیانا ئەوە نەبێت، چونکە خودی کارەکە بریتیە لە خۆچواندن[1]

فەرموودەی سێیەم:

عَنْ أُمِّنَا عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ، قَالَ رَسُوْلُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَشَدُّ النَّاسِ عَذَابًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ الَّذِينَ يُضَاهُونَ خَلْقَ اللهِ»[2].

واتە: لە دایکمان عائشەوە خوای لێ ڕازیبێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) فەرمووی: توندترین سزا لە ڕۆژی دواییدا بۆ ئەو کەسانەیە کە کە خۆیان بە خوای گەورە ئەچوێنن، بەوەی هاوشێوەی درووستکراوەکانی درووست ئەکەنەوە .

فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) ئەوەی کە هاتووە لەم بارەیەوە لەم چوارچێوەیە دەرناچێت، وە ئەبینین لە فەرموودەکاندا، ئەوەی کە زۆر جەختی لێ کراوەتەوە،

[1] زۆر جار خەڵکانێك بەوە تێ ئەکەون کە کردارێکی پێچەوانەی شەرع ئەکەن و ئەڵێن: نێت مەرجە و منیش نێتم خراپ نیە ، یان هاوشێوەی ئەم وتانە ، ئەم جۆرە قسانە باتڵ و بێ بنەمان ، چونکە کاتێك ئەوترێت نێت مەرجە مرۆڤ کردەوەیەکی باش ئەنجام بدات ، ئەگەر هات و نێتی باشبوو پاداشت وەر ئەگرێت ئەگەر نا ، ئەوا سزا ئەدریت "پەنا بەخوای گەورە" ، بەڵام ئەگەر هات و کردەوەکەی خراپ بوو گوێ نادرێت بە نێتی کەسەکە .

[2] السنن الكبرى للنسائي ٤٥٧/٨ ، برقم: (٩٦٩٥) ، ت: حسن عبدالمنعم شلبي ، مؤسسة الرسالة – بيروت ، ط: الأولى، ١٤٢١ هـ. و أحمد في المسند ٨٢/٤١ ، برقم: (٢٤٥٣٦) ، ط/مؤسسة الرسالة .

نەهی کردنە لە خۆ چواندن بە خوای گەورە، جا لێرەوە زانایانی هەر چوار مەزهەب و جگە لەوانیش لە موجتەهیدانی ئیسلام، هەر شتێکیان بە حەرام زانیوە کە خۆ چواندن بە خوای گەورەی تێدابێت یان سەر بکێشێت بۆی، جا بۆیە هەموو کۆکن لەسەر حەرامێتی پەیکەرتاشین و وێنەی ڕۆح لەبەر کێشان جگە لە هەندێك لە زانایانی مالیکی مەزهەب نەبێت "ڕەحمەتی خوایان لێبێت".

ئەمەش وا ئەکات بڵێین: بە بەڵگەی ئەم فەرموودانە و غەیری ئەمانەش لە وتەی هاوەڵان،

زانایان ئەفەرموون: هەرچی پەیکەر هەیە جا لە بەرد نەخشێنرابێت یاخود تەختە یان هەر شتێکی تر، کە پێی ئەوترێت: (مَنْحُوْت) لە زمانی عەرەبیدا، ئەوا حەرامە و ڕێگەی پێ نەدراوە، وە ئەم جۆرە دائەنرێت بە ترسناکترین جۆری وێنە چونکە سەرەڕای خۆ چواندن بە خوای گەورە هۆکارێکە بۆ بت پەرستی لە ناو گەلاندا.

بەڵگەش بۆ ئەمە فەرموودەی یەکەمە، چونکە "موسلیم"ی کوری"صوبەیح" ئەڵێ: لەگەڵ "مەسروق"دا لە ماڵی "یەسار" بووین لەو کاتەدا "عبداللە"ی کوری "مەسعود" پەیکەرێکی بینی و فەرمووی: «إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَذَابًا عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ القِيَامَةِ المُصَوِّرُونَ»[1]
وە هەروەها بە هەمان شێوە حوکمی نەخشاندن لەسەر قوماش و جل و بەرگ و...

وە حوکمی وێنەی گیانداریش بە هەمان شێوە حەرامە چونکە ئەچێتە قاڵبی فەرموودەکانەوە، بەڵام وێنەی بێ گیان وەك دار و بەرد و سروشت و...، ناچێتە ئەو قاڵبەوە.

هەر وەکو پێشەوا "نەوەوی" ڕەحمەتی خوای لێبێت، ئەفەرموێت:

(قَالَ أَصْحَابُنَا وَغَيْرُهُمْ مِنَ الْعُلَمَاءِ تَصْوِيرُ صُورَةِ الْحَيَوَانِ حَرَامٌ شَدِيدُ التَّحْرِيمِ وَهُوَ مِنَ الْكَبَائِرِ لِأَنَّهُ مُتَوَعَّدٌ عَلَيْهِ بِهَذَا الْوَعِيدِ الشَّدِيدِ الْمَذْكُورِ فِي الْأَحَادِيثِ وَسَوَاءٌ صَنَعَهُ بِمَا يُمْتَهَنُ أَوْ بِغَيْرِهِ فَصَنْعَتُهُ

[1] رواه البخاري ١٦٧/٧ ، برقم: (٥٩٥٠) ، ت: محمد زهير بن ناصر الناصر ، دار طوق النجاة ، ط: الأولى، ١٤٢٢هـ . ومسلم ١٦٧٠/٣ ، برقم: (٢١٠٩) =

حَرَامٌ بِكُلِّ حَالٍ لِأَنَّ فِيهِ مُضَاهَاةً لِخَلْقِ اللَّهِ تَعَالَى وَسَوَاءٌ مَا كَانَ فِي ثَوْبٍ أَوْ بِسَاطٍ أَوْدِرْهَمٍ أَوْ دِينَارٍ أَوْ فَلْسٍ أَوْ إِنَاءٍ أَوْ حَائِطٍ أَوْ غَيْرِهَا وَأَمَّا تَصْوِيرُ صُورَةِ الشَّجَرِ وَرِحَالِ الْإِبِلِ وَغَيْرِ ذَلِكَ مِمَّا لَيْسَ فِيهِ صُورَةُ حَيَوَانٍ فَلَيْسَ بِحَرَامٍ)[1].

واته:

( هاوەڵانمان فەرمویانە"شافعی مەزهەبەکان" وە جگە لەوانیش لە زانایان، (تصویر)ی وێنەی گیانلەبەر حەرامە بە حەرام بوونێکی توند، وە لە تاوانە گەورەکانە چونکە هەڕەشەی لەسەرە بەو هەڕەشە توندانەی کە لە فەرموودەکاندا هاتوون، جا ئەگەر وێنە دروست کردنەکەی لەو شتانەدابێت کە ئیهانەکراون[2]، ئەوا پیشەکەی حەرامە بە هەموو شێوەیەك، چونکە خۆچواندنی تیایە بە خوای گەورە، جا ئەگەر هات و لە پۆشاکدا بێت یان پالپشت یان پارە و پول یاخود فلس، یان لە قاپ و قاپاخ و دیوار و جگە لەمانەش،بەلاّم وێنەی دار و ریحالی[3] وشتر ، وە جگە لەمانەش کە وێنەی گیانلەبەر نیە، ئەوا حەرام نیە ).

وە مەبەستی لە شتی ئیهانەکراوە ئەوەیە، کە هەندێك لە زانایان ڕێگەیان پێ داوە وێنە لەسەر پارچەیەك دروست بکرێت کە لەبەر پێدا دائەنرێ، بەلاّم ئیمام ئەویش بەحەرام ئەزانێت چونکە، خۆچواندنی بە خوای گەورە تێدایە.

وەحوکمی کاریکاتێر و کارتۆن و ئەو بابەتانە هەڵەگرین بۆ کۆتایی بابەتەکە ان شاءالله.

= ، ت: محمد فؤاد عبد الباقي ، دار إحياء التراث العربي – بيروت

[1] شرح مسلم ٨١/١٤ ، ت: دار إحياء التراث العربي – بيروت ، ط: الثانية، ١٣٩٢ ، وابن حجر في فتح الباري ٣٨٤/١٠ ، دار المعرفة – بيروت، ١٣٧٩ ، رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبد الباقي ، قام بإخراجه وصححه وأشرف على طبعه: محب الدين الخطيب

[2] مەبەست پێی ئەو وێنانەیە کە هەڵناواسرێن بەڵکو لەبەر پێدا دائەنرێن یاخود بۆ ئەوەیە لەسەری دانیشن

[3] پارچەیەکە لەسەر پشتی وشتر دائەنرێت

بەلاَم ئەوەی کە زۆر جێگەی باس و خواسە، بابەتی وێنەی فۆتۆگرافیە بـە هـەردوو شـێوەکەیەوە جولاَو و نەجولاَو، جا بە ویستی خوای گەورە تیشکی ئەخەینە سەر، بە هیوای سوود گەیاندن.

## ئایا وێنەی فۆتۆگرافی ئەچێتە چوارچێوەی فەرموودەکانەوە ؟!

ئەوەی کە جێی ئاماژە پێکردنە لێرەدا ئەوەیە، زانایـانی "أصـول الفقـە" ڕێسـایەکی کـارپێکراو و ڕەچاوکراویان دانـاوە بـۆ حوکمـدان لەسـەر شـتێك بـە حـەلاَڵ بـوون یـاخود حـەڕام بـوون و ئەفەرموون: (الحُكْمُ يَدُوْرُ مَعَ العِلَّةِ عَدَماً وَ وُجُوْداً)[1]

واتە: حوکم لەگەڵ هۆکارەکەیایەتی بە بوون و نەبوون.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لـە م بنچینە ئصولیە، پێمان باشە لەسەر بابەتەکـەی خۆمـان کـە وێنەیـە جـێ بەجێی بکەین، بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونبێتەوە و ئەڵێین: هۆکار ی حەرام بوونی وێنە چیە؟!

وەلاَم: هۆکارەکەی لە فەرموودەکاندا باس کراوە و بریتیە لـە خۆ چواندن بە خوای گەورە و درووست کردنـی وێنـەی درووسـتکراوەکانی، هـەر وەکـو لـە فەرموودەکـەدا هـاتووە و باسکراوە: (يَخْلُقُ كَخَلْقِي): بە وێنەی درووستکراوەکانم درووست ئەکاتەوە ، وە هـەروەها: (يُضَاهُونَ خَلْقَ اللهِ): هاوشێوەی درووستکراوانی خوای گەورە درووست ئەکەنەوە.

لێرەوە بۆمان ڕەوایە و ئەتوانین بڵێین: وێنە بە هۆکارێك حەرام کراوە وەکو بـاس کـرا، جـا هەرکاتێك ئەو هۆکارە هەبوو کە حەڕامی ئەکات ئـەوا هـەمان حـوکمیش دێتـە ئـاراوە کـە "حەڕام" بوونە، وە ئەگەر هات و هۆکارەکە نـەما، ئـەوکات حوکمەکـەش هەڵـدەگیرێت و حەڕام بوونەکە نامێنیت.

[1] القول المفيد للشوكاني ، ص: ٧٢ ، ت: عبد الرحمن عبد الخالق ، دار القلم – الكويت – ط: الأولى، ١٣٩٦ ، و أصول السرخسي ٧٨/٢ ، دار المعرفة – بيروت – ، والقواطع للسمعاني ١٥٣/٢ ، ت: محمد حسن الشافعي ، دار الكتب العلمية، بيروت ، لبنان ، ط: الأولى، ١٤١٨هـ . والمهذب لعبدالكريم النملة ٢١١٨/٥ ، مكتبة الرشد – الرياض– ، الطبعة الأولى: ١٤٢٠ هـ .

ئێستا کاتی ئەوەیە باس لەوە بکەین ئایا وێنەی فۆتۆگرافی خۆچواندن بە خوای گەورەی تێدایە یاخود نا؟!

ئەڵێین: وێنەی فۆتۆگرافی خۆچواندن بە خوای گەورەی تێدا نیە لەبەر چەند هۆکارێك :

١- وێنەی فۆتۆیی، هیچ داهێنان و هێز و نمایشێکی بۆکەسی وێنە گر تێدا نیە، وەك ئەوەی کە لە وێنە کێشان یاخود پەیکەر تاشیندا ئەیبینین، بەڵکو کارەکە بە منداڵێکی ساوای بێ تواناش ئەکرێت و تەنها دوگمەیەکە و دەستی پێدا ئەنێت، وە ئێستا بوەتە "لەمس" و تەنها پێویستی بە پەنجە خستنە سەرە بەبێ هیچ پەستانێکی ئەوتۆ.

٢- وێنەی فۆتۆیی تەنها نەقڵی حەقیقەتی وێنەکە ئەکات و وەری ئەگرێت وەکو خۆی، بە پێچەوانەی پەیکەر تاشی و وێنە کێشان بەدەست، چونکە لە دووەمیاندا خاوەنەکەی تەواوی توانای ئەخاتە گەڕ تا وەکو وێنە حەقیقیەکە(دروستکراوەکەی خوای گەورە) دەربچێت و وەکو خۆی وێنای بکاتەوە !!

٣- وێنەی فۆتۆیی هیچ خۆچواندنێکی بە خوای گەورە تیادا نیە، بە پێچەوانەی "وێنە کێش" و "پەیکەر تاش"ەوە، چونکە ئەگەر بێت و وێنەی (**محمد**) ناوێك بگرین بە کامێرایەك و نیشانی (**ئوسامە**)ی بدەین، وە لێی بپرسین ئەمە کێیە؟! خێرا لە وەڵامدا بەبێ دوودڵی ئەڵێت: ئەوە "**محمد**"ە!!

بەڵام ئەگەر هات و کەسێك پەیکەرێکی بۆ کرد یاخود وێنەکەی بە دەست کێشاو نەخشاندی ؟!

ئەگەر بێت و بڵێین ئەوە کێیە؟! بێگومان **"ئوسامە"** ئەڵێت: واللە ڕێك ئەڵێی "**محمد**"ە!!

چونکە یەکەمیان نەفسی "**محمد**" خۆیەتی و وێنەکەی عەکس کراوەتەوە، بەڵام دووەمیان، لە "**محمد**" ئەچێت و نەفسی ئەو کەسە نیە ، بەڵکو هاوشێوەی ئەو دروستکراوە.

وه ڕاستر وایه به وێنەی فۆتۆیی بوترێت (عكس) لـه بـری (صُوْرَة)، هـەر وەكـو لـە زمـانی فارسیدا وای پێ ئەوترێت، چونكه ئەم ناوه لـەگەڵ حەقیقەت و ماهیەتی كارەكەدا یەك دێتەوە نەوەك (صُوْرَة)، چونكه لـه وێنەی فۆتۆیی تـەنها وێنـەی كەسـەكە وەرگـیراوەو دانراوەتـەوە نەوەك داهێنان(ابداع) ی تێدا كرابێت، وه هیچ سەلیقه و كارامەییەكی تێدا نیـه بـۆ كەسـی وێنه گر، كه وێنەكه وەكو خۆی دەربكاتەوە.

بەڵام لە پەیكەر تاشی یاخود وێنەكێشان به دەست، ئەبینین ئەوپەڕی ئیبداع ئەكات بۆ ئەوەی وێنەكه وەكو خۆی دەرچێت و لاسایی كردنەوەیەكی ڕاسـت و درووسـتبێت، كـه ئەمـەش ڕاشكاوانه ئەوەی لێوە بەدیار ئەكەوێت كه خۆچواندنێكی حاشـا هەڵنـەگر دێتـه ئـاراوە لـه لایەن كەسی وێنه كێش یان پەیكەر تاشەوە به خوای گەورەوە.

## تەنها بە ناو حوكم نادرێت بەبێ گوێدانە ناوەڕۆك!!

ڕەنگە خەڵكانێك هێندە ڕووكەشبین بن بڵێن: مادام ئەو هەموو فەرموودەیە هەیە باس لە حەڕامێتی (صُوْرَة) ئەكات، وە ئەوەشی كە بە كامێرا دێتە ئاراوە، بەهمان شێوە پێی ئەوترێت (صُوْرَة) كەواتە حەڕامە!!

لە وەڵامدا ئەڵێین:

بەتەنها هاوبەشی ناو نابێتە هۆكاری ئەوەی كە حەڕامی بكات، تاوەكو لە حەقیقەت و ناوەڕۆكیشدا یەك پێكهاتە نەبن و یەك وەسف لە هەردووكیاندا بەرجەستە نەبێت، بۆ نمونە لەسەردەمانی كۆندا بە عارەق و مەی وتراوە:(القَهْوَةُ ) هەر وەكو شاعیر ئەڵێت:

فَقَامَ فَصَبَّ لَنَا قَهْوَةً تُسَكِّنُنا بَعدَ إرْعَادِهَا[1]

وە هەروەها:

وَتَغَنَّ الْيَوْمَ إنْ بَاكَرْتَهَا قَهْوَةً صَفْراءَ تَرْمِى بِالزَّبَدْ[2]

وەهەروەها:

الشَّأْنُ فِي التَّصابِي وَاللَّهْوِ وَالشَّرَابِ
مِنْ قَهْوَةٍ شَمولٍ فِي ألكَأْسِ كَالشّهابِ[3]

ئەم هۆنراوانەو چەندین هۆنراوەی تریش كە وشەی قاوە بەكارهێنراوە بۆ مەی، وە ئەگەر بێت و سەیری فەرهەنگەكانی زمانی عەرەبی بكەین ئەبینین ئاماژەی پێ دراوە:

---

[1] إضاح شواهد الإيضاح لأبي علي القيسي ، ٦٧٧/٢ ، ت: الدكتور محمد بن حمود الدعجاني ، دار الغرب الإسلامي، بيروت – لبنان – ط: الأولى، ١٤٠٨ هـ

[2] أشعار أولاد الخلفاء لأبي بكر الصولي ، ص:٥٠ ،: مطبعة الصاوي ، ١٣٥٥ هـ

[3] أشعار أولاد الخلفاء لأبي بكر الصولي ، ص:٨٠

(وَالقَهْوَةُ: الْخَمْرُ؛ سُمِّيَتْ قَهْوَةً، لِأَنَّهَا تُقَهِّي الإِنْسَانَ: أَي تُشْبِعُه، أَوْ: سُمِّيت قَهْوَةً؛ لأنَّ شَارِبَهَا يَقْهِي عَنِ الطَّعَامِ: أَيْ يَكْرَهُهُ وَيَأْجَمُهُ)[1]

واته: (قاوه: بريتيه لـه مەی، وه ناو نراوه قاوه چونكه (تُقَهِّي الإِنْسَانَ) بەو واتايەی: تێری ئەكات یان ناو نراوه قاوه چونكه خاوەنەكەی(يَقْهِي عَنِ الطَّعَامِ)، به واتايەی : ڕقی لـه خواردن ئەبێتەوه و بێزی لیَ ئەكاتەوه).

وه ئەوەی داخوازیكراوه لـه تۆی خوێنەر ئەوەیه:

ئایا ئەكرێت ئەو قاوەیەی ئێستا هەیە، حەرام بكرێت بەو بیانوەی كه یەكێكه لـه ناوەكانی مەی؟!

یاخود، ئەو مەیەی كه ئەمڕۆ هەیه حەلاڵ بكرێت بەو بیانوەی كه یەكێك لـه ناوەكـانی بریتیـه لـه قاوه، وه قاوەش شتێكی ڕێگه پێدراوه خواردنەوەی ؟!

بێگومان ئەڵێی نەخێر! چونكه هۆكارێك لـه حەڕام بوونی مەیدا هەیـه كـه لـه قـاوەدا نیـە، بۆیـه ئەڵێیت: مەی حەڕامەو قاوەش ڕێگه پێدراوه.

جا ئەگەر هات و به هەمان شێوه مامەڵەت كرد لـەگەڵ وێنەی فۆتۆگرافی و وێنەیەك كه بەدەسـت ئەكێشرێت یان پەیكەر تاشی، ئەوكاته هیچ كێشەیەك ڕووت تیَ ناكات.

وه نمونەیەكی تر بهێنینەوه به هەمان مەبەست، ئەویش وشەی (السَّيَّارَة) لـه زمانی عەرەبیدا لـه كۆندا مانایەكی تری هەبوه جیاواز لـه و مانایەی كـه ئـەمڕۆ خـەڵكی لەسـەری ڕاهـاتوون، ئەگەر چاوێك بگێڕین به هەر فەرهەنگێكدا ئـەوا ئـەبینین: (السَّيَّارَةُ: الْقَافِلَةُ وَحَقِيقَتُهَا جَمَاعَةٌ سَيَّارَةٌ)[2].

---

[1] تهذيب اللغة للأزهري ١٨٢/٦ ، ت: محمد عوض مرعب ، دار إحياء التراث العربي – بيروت– ط: الأولى. والعين للخليل الفراهيدي٦٤/٤ ، ت: د مهدي المخزومي، د إبراهيم السامرائي ، دار ومكتبة الهلال . و الزاهر لأبي بكر الأنباري ٢٢/٢ ، ت: د. حاتم صالح الضامن ، مؤسسة الرسالة – بيروت ، ط: الأولى، ١٤١٢ هـ . و معجم مقاييس اللغة لابن فارس ٣٤/٥ ، ت: عبد السلام محمد هارون ، دار الفكر ، ١٣٩٩هـ . تاج العروس للزبيدي ٣٧١/٣٩ ، ت: مجموعة من المحققين ، دار الهداية

[2] تاج العروس ١١٩/١٢ ، المغرب لأبي الفتح، برهان الدين الخوارزمي المُطَرِّزِىّ ، ص:٢٤٢ ، دار الكتاب العربي ، الطبعة: بدون طبعة وبدون تاريخ.

ومعجم الوسيط ، ص:٤٦٧ ، دار الدعوة

واتە: قافلّەیەك، وە بنەڕەتی ماناکەشی بریتیە لە کۆمەلّێك خەلّك کە زۆر ڕێ ئەکەن. هەر وەکو شاعیر ئەلّێت[1]:

خَلُّوا الطَّرِيْقَ عَنْ أَبِي سَيَّارَهْ          حَتَّى يُجِيزَ سَالِمًا حِمَارَهْ

وە هەروەها خوای پەروەردگار ئەفەرمویّت:

﴿ وَجَآءَتۡ سَيَّارَةٞ فَأَرۡسَلُواْ وَارِدَهُمۡ فَأَدۡلَىٰ دَلۡوَهُۥۖ قَالَ يَٰبُشۡرَىٰ هَٰذَا غُلَٰمٞۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَٰعَةٗۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِمَا يَعۡمَلُونَ ١٩ ﴾ یوسف: ١٩

جا خوێنەری بەڕێز لێرەوە زیاتر لە نووسینەکە ورد بەرەوە بزانە ئەگەر بێت و ئێمە تەنها سەیری وشەکان بکەین بەبێ گوێدانە حەقیقەت و ماناکانیان تووشی چ هەڵەیەك ئەبین لە حوکم و هەڵسەنگاندنەکانماندا بۆ ئەو شتانەی کە لە چواردەورمانن.

[1] لسان العرب لابن منظور ٣٢٦/٥ ، دار صادر – بيروت – الطبعة: الثالثة – ١٤١٤ هـ

# ئەی ئاوێنە چی؟!

ڕەنگە کەسێك ئەم ناونیشانە ببینێت (ئەی ئاوێنە چی؟) پێکەنینی بێت!!

بەڵام لە ڕاستیدا بوونی ئاوێنە لە سەردەمی پێغەمبەر خوا (صلى الله عليه وسلم) و ئینکاری نەکردنی بەهێزترین پاڵپشتە بۆ شەرعیەت دان بە وێنەی فۆتۆگرافی، چونکە هەردووکیان هەمان کاریان هەیە لە نیشاندانی وێنەکە دا وەکو خۆی و نەقڵ کردنی شێوەی ئەو شتەی کە لە بەرامبەریدا ئەوەستێت.

ڕەنگە کەسێك ڕەخنە بگرێت و بڵێت: ئاوێنە جیاوازە لە کامێرای فۆتۆگرافی، چونکە وێنە لە ئاوێنەدا نامێنێتەوەو تەنها بۆ چەند ساتێکە و بە نەمانی کەسەکە لە بەرامبەریا وێنەکەش نامێنێت، بەڵام وێنەی فۆتۆگرافی بەو شێوەیە نیەو وێنە تیایدا ئەمێنێتەوە.

ئەڵێین:

ڕاستە وێنە لە ئاوێنەدا نامێنێتەوە و لە کامێرادا ئەمێنێتەوە، بەڵام پێمان بڵێن: ئایا هۆکاری حەڕام بوونی وێنە مانەوەو نەمانەوەیە یاخود خۆ چواندن بە خوای گەورە؟!

بێگومان هۆکارەکەی بریتیە لە خۆچواندن بەخوای گەورە و درووستکردنی هاوشێوەی درووستکراوەکانیەتی، نەك مانەوەو نەمانەوەی وێنەکە وە ئەمەش شتێك نیە کەسێك توانای ئینکاری کردنی هەبێت.

وە هەروەها ئەڵێین: ئایا ئەگەر هات و کەسێك وێنەیەك بە دەست بنەخشێنێت، وە دوایی بیسڕێتەوە حەڕامە یاخود حەڵاڵ؟!

به دڵنیایەوە ئەڵێ: حەرامە چونکە خۆچواندن بە خوای گـەورە ڕوویـداوە بـا بیشیسـڕێتەوە، دە کەواتە لێرەوە ئاشکرا ئەبێت کە مانەوەو نەمانەوەی وێنەکە هیچ کاریگەریـەکی لەسـەر حوکمـە شەرعیەکەی نیە!!

وە بەهەمان شێوەی ئاوێنە ئەگەر بێت و گیانلەبەر بچێتە کەناری ڕوبارێك یان سـەیری دەفرێـك بکات کە ئاوی تێدایە، ئەوا زۆر بە ڕوونی وێنەی خۆی ئەبینێت لە ئاوەکەدا، ئایا هـیچ کەسـێك هەیە بڵێت سەیر کردنی ئاوێنە و ئاو حەرامە؟!

دیسانەوە ڕەخنە ئەگرێت و ئەڵێت: ڕاستە کە مانەوەو نەمانەوەی وێنەکە کاریگـەری نیـە لەسـەر حوکمەکەی، بەڵام شتێکی تر هەیە لە کامێرادا بەڵام لە ئاوێنەدا نیە، ئەویش ئەوەیە :

(ئاوێنە خۆی وێنەکە نەقڵ ئەکات بەبێ ئەوەی ئیشی مرۆڤی تێدابێت، بەڵام کامێرا تاوەکو کەسێك هەڵنەسێت بە چرکاندن و گرتنی وێنەکە بە هیچ شێوەیەك هیچ وێنەیەك نایەتە ئاراوە ).

ئەڵێین:

ڕاستە ئاوێنە بەو شێوەیە و کەسێك چووە بەرامبـەری ئـەوا نـەقڵی وێنەکـەی ئـەکات بـەبێ جـێ بەجێکردنی هیچ فرمانێك، بەڵام ئایـا پێمـان نـاڵێن: کـێ ئـەو هێـزەی داوە بـەو ئاوێنەیـەو وای خولّقاندووە کە ڕاستەوخۆ نەقڵی وێنە بکات؟!

بێگومان ئەوە مرۆڤەکانن کە ئەو هێزی گواستنەوەیان داوەتێ، دەی بە هەمان شـێوە هـەر مرۆڤـە ئەوی تریشیانی خولّقاندووە.

وەهەروەها ئەبینین کە کامێراو مۆبایلە پێشـکەوتووەکان بەرنامـەی تێـدا دانـراوە کـە تـەوقیتی ئەکات لە دوای هێندە چرکە وێنەکە بگرێت، وە هەروەها بەرنامە درووستکراوە بۆ پارێزگـاری لە مۆبایل، ئەگەر بێت و کەسێك هەوڵی کردنەوەی بدات وێنەیەکی ئەگرێت، ئایا چ جیاوازیـەك هەیە لە نێوان ئەم وێنەیەو وێنەیەك کە لە ئاوێنەدایە؟!

چونکە ئاوێنە تاوەکو نەچیتە بەرامبەری وێنە نیشان نادات وە ئەمیش تاوەکو هەوڵی کردنـەوەی مۆبایلەکە نەدەیت وێنەت نیشان نادات، وە یـان وەڵام چـی ئـەبێت ئەگـەر هـات و کامێرایـەك درووستکرا هەر وەکو ئاوێنە هەرکەسێك چووە بەرامبەری ئەوکات خۆی وێنەیەکی بگرێت بێ ئەوەی کەس بیچرکێنێت ؟!

ئەمە لە لایەکەوە وە لـە لایەکی تریشەوە مرۆڤەکان دیسانەوە خۆیـان ئەچـنە بـەر ئاوێنـە ، خـۆ ئاوێنەکە خۆی نایەتە بەرامبەرت ، ئایا چوونە بەردەم ئاوێنەکە خۆی بۆ خۆی هەوڵ و کۆشش نیـە لـە لایەن مرۆڤەوە بۆ ئەوەی وێنەکەی دەربچێت لـەبەر ئاوێنەکەدا؟!

بێگومان بەڵێ بەڵام حەرام نیە نیە چونکە ئەصـلی مرۆڤەکـە نیشـان ئـەدات و نـەقڵی وێنەکـەی ئەکات، وە "کامێرا"ش هەمان کاری هەیە.

# ئەی ڤیدیۆ بۆ ؟!

ئەم ناونیشانە پرسیارە لە هەموو ئەو کەسانەی کە وێنە بە حەڕام ئەزانن بەڵام ڤیدیۆیان لا ئاساییە!

وە زۆر جاریش ئەبینین خۆیان لە ڤیدیۆدا باسی ئەوە ئەکەن کە وێنە حەڕامە و ئاگاداری خەڵکی ئەکەنەوە لەم فیتنە گەورەیە و ئەمان نەکەی وێنە بگریت!!

مافی خۆمانە بپرسین: باشە بۆچی ڕێگە بە ڤیدیۆ ئەدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەڵێن وێنە حەڕامە؟!

ئەمە لە کاتێکدا هەر پارچەیەك ڤیدیۆ بریتیە لە سەدان وێنەی گرێدراو بە یەکەوە تاوەکو ئەو ڤیدیۆیەی لیّ پێك هاتووە.

دێنە وەڵام و ئەڵێن:

ڤیدیۆ حەقیقەتی مرۆڤەکەیە و وێنەیەکی جوڵاوەو هەموو حەرەکەیەکی تسجیل ئەکات هەر لە هەڵسان و دانیشتن و ڕۆشتنی، بەڵام وێنە بەو شێوە نیە!!

ئەڵێین: وتەکەتان زۆر ڕاستە و کەس نیە بتوانێت ئینکاری بکات بەڵام دیسانەوە ئەیخەینەوە یادتان، کە بۆچی وێنەتان بە حەڕام زانی ؟!

وەڵام: چونکە خۆ چواندنی تیایە بە خوای گەورە و ئەمەش حەڕامە بە دەقی فەرموودە.

ئەڵێین: وەڵامەکەتان ئەوەندەی درووستە کە ئەڵێین: هۆکارەکەی بریتیە لە خۆچواندن بە خوای گەورە، بەڵام لەوەیان لەگەڵتان نین کە وێنەی فۆتۆگرافی ئەخەنە ئەو بازنەیەوە وە بەڵگەشمان باس کرد.

بەلاَم بە هەرحالّ  ئێمە ئەپرسین: ئایا وێنەیەك زیاتر خـۆ چـواندنی بـە خـوای گـەورە تێدایـە کـە وێنەیەکی مردووە و هیچ جولّەیەکی تێدا نیە و وێنـەی یـەك دیمەنـە ، یـاخود ڤیـدیۆ کـە هـەموو هەڵسان و دانیشتنێکی وەکو خۆی تۆمار ئەکات و دەری ئەخاتەوە؟!

وە هەروەها دیسانەوە ئەڵێینەوە، هۆکاری حەڕام بوونی وێنە خۆچواندنە بـە خـوای گـەورە نـەك جولاّن و نەجولاّنی وێنەکە، تاوەکو ڕێگە بە ڤیدیۆ بدرێت و وێنەش حەڕام بکرێت.

وە هەروەها لـە ئەمڕۆدا پەیکەر درووست ئەکرێت کە بە هێزی خۆر کار ئەکات و ئەجولێت، ئایا ئەکرێت شەرعیەت بەویش بدەین چونکە ئەجولێت و حەرەکەی تیایە ؟!

لەپاشاندا ئەڵێن ڕاستە جولاّن و نەجولاّن کاریگەری لـەسەر حوکمەکەی نیـە بـەلاَم : هەرچـەندە ڤیدیۆش حەڕامە بەلاَم بۆ دەعوە و بانگەواز بەکاری دێنین، چونکە پێویستە!

ئێمەش ئەڵێین: هەرگیس بە حەڕام بانگەواز بۆ لای ئاینی خوای گەورە ناکرێت، وە هەر خۆشیان بوون کە وەلاّمی خەلّکانێکی تریان ئەدایەوە و لـەسەریان ئەنووسـین  کاتێـك ئـەیانوت: مۆسـیقا حەڕامە بەلاَم بۆ بانگەواز بەکاری دێنین!!

وە پێیان ئەوتن با سرودەکانتان مۆسیقای تێدا نەبێت و خالّی بێت لـە مۆسیقا، دیـارە لەسـەر ئـەم هەلّوێستە دەستخۆشیان لـێ ئەکرێت، و پالّپشتیانین کە نابێت مۆسیقا لـێ بدرێت.

بەلاَم خۆشیان ئەتوانن هەر پەیامێکیان هەیە بە دەنگ بلاّوی بکەنەوە و خۆیان بە دوور بگـرن لـە ڤیدیۆ، هەر چەندە ئەو دەنگەش کە بلاّو ئەکرێتەوە  پێك هاتووە لەو دەنگە ژێیانـەی کـە خـوای گەورە درووستی کردووە، وە لـەسەر بۆچوونی خۆیان  تسجیلی دەنگیش حـەڕام ئـەبێت ئەگـەر بەو شێوەیە بیر بکەنەوە!!

# حوكمی بەكارهێنانی شتێك كە وێنەی تێدایە

ئەگەر بڕوانینە كتێبەكانی فەرموودە ئەوا ئەبینین زۆر هەواڵ لە هاوەڵانەوە "خوایان لێ ڕازیبێت" گێڕدراوەتەوە لەم بارەیەوە، وە ئەكرێت پشتیان پێ ببەستین، لەوانە:

**یەكەم:**

**عَنْ جَابِرٍ قَالَ: كَانَ فِي خَاتَمِ ابْنِ مَسْعُودٍ، «شَجَرَةٌ أَوْ بَيْنَ ذُبَابَيْنِ»[1].**

**واتە: لە جابرەوە: موستیلەكەی "عبداللە"ی كوڕی "مەسعود" ﴿دارێك بوو یان لە نێوان دوو "مێش"دابوو﴾.**

**دووەم:**

**عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: «كَانَ نَقْشَ خَاتَمِ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ أَسَدٌ بَيْنَ رَجُلَيْنِ»[2]**

**واتە: لە قەتادەوە فەرموووی: نەخشی موستیلەكەی "ئەبی موسای ئەشعەری" شێرێك بوو لە نێوان دوو پیاودا.**

**سێیەم:**

**أَخْبَرَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عَطَاءٍ، عَنْ أَبِيهِ، قَالَ: «كَانَ خَاتَمُ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ نَقْشُهُ تِمْثَالَ رَجُلٍ مُتَقَلِّدٍ سَيْفًا»[3].**

---

١ رواه عبدالرزاق في المصنف ٣٤٧/١ ، برقم: (١٣٥٩) ، ت: حبيب الرحمن الأعظمي ، المجلس العلمي– الهند،المكتب الإسلامي، بيروت،ط: الثانية، ١٤٠٣

٢ رواه عبدالرزاق في المصنف ٣٤٧/١ ، برقم: (١٣٦٠) . وابن أبي شيبة ١٩١/٥ ، برقم: (٢٥١٠٣)

٣ مصنف ابن أبي شيبة ، ١٩١/٥ ،برقم:( ٢٥١٠٤) ، ت:كمال يوسف الحوت ، مكتبة الرشد – الرياض ، ط: الأولى، ١٤٠٩هـ.و الطحاوي بسنده في شرح معاني الآثار ،٢٦٦/٤ ، برقم: (٦٨٠٢) ، (محمد زهري النجار – محمد سيد جاد الحق) ،راجعه ورقم كتبه

واتە: ئیبراهیم ی کوڕی عطاء هەواڵی پێ داین لـە باوکیـەوە : موسـتیلەکەی عیمرانـی کـوڕی حوصەین، نەخشەکەی هەیکەلی پیاوێك بوو کە شمشێرێکی هەڵگرتبوو.

چوارەم:

«كَانَ نَقْشُ خَاتَمِ النُّعْمَانِ بْنِ مُقَرِّنٍ , إِيِّلًا , قَابِضًا إِحْدَى يَدَيْهِ , بَاسِطًا الْأُخْرَى»[١]

واتە:نەخشی موستیلـەکەی نوعمانی کوڕی موقەرین، وشترێك بوو کە دەسـتێکی چـەماندبوەوە و دانەیەکیشیانی کردبوەوە.

پێنجەم:

عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّهُ: «كَانَ يَتَّكِئُ عَلَى الْمَرَافِقِ[٢] فِيهَا التَّمَاثِيلُ: الطَّيْرُ وَالرِّجَالُ»[٣]
واتە: لـە هیشامی کوڕی "عوروە"وە لـە باوکیەوە ئەگێڕێتەوە کە دائەنیشت لـەسەر ڕاخـەرێك کـە وێنەی تیابوو: هی باڵندەو پیاو.

شەشەم:

عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، قَالَ: «دَخَلْتُ عَلَى الْقَاسِمِ وَهُوَ بِأَعْلَى مَكَّةَ فِي بَيْتِهِ فَرَأَيْتُ فِي بَيْتِهِ حَجَلَةً[٤] فِيهَا تَصَاوِيرُ الْقُنْدُسِ وَالْعَنْقَاءِ»[٥].

---

وأبوابه وأحاديثه: د يوسف عبد الرحمن المرعشلي ، عالم الكتب ، ط: الأولى – ١٤١٤ هـ . وابن حجر في الاتحاف المهرة ١٢/ ٣٩ برقم: (١٥٠٤٢) ، مركز خدمة السنة والسيرة ، بإشراف: د.زهير بن ناصر الناصر ، نشره: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف(بالمدينة)–ومركز خدمة السنة والسيرة النبوية (بالمدينة) ، ط: الأولى ، ١٤١٥ هـ

[١] ذكره الطحاوي في شرح معاني الآثار ٢٦٣/٤ ، برقم: (٦٧٨٦) ، واتحاف المهرة لابن حجر ٥٤٩/١٣ ، برقم: (١٧١٢٥)

[٢] وَقَدْ تَأْتِي بِمَعْنَى الوِسَادَةِ.

[٣] رواه ابن أبي شيبة في المصنف ٢٠٧/٥ ، برقم: (٢٥٢٨٨)

[٤] پارچەیەکە بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی بووك بەکار دێت.

[٥] رواه ابن أبي شيبة في المصنف ٢٠٥/٥ ، برقم: (٢٥٣٠١)

واته: لە ئیبن و عەونەوە فەرمووی: چومە لای قاسم لە ماڵەکەی لە وپەڕی مەککە، بینیم حەجەلەیەکی لیّ بوو کە کۆمەڵێك وێنەی قوندوس(گیانداریّکە کە ئەگەزێت لە شێوەدا لە سمۆرە ئەچێت) وە هەروەها لەگەڵ "عەنقا".

عەنقا باڵندەیەکی خەیاڵیە و وجودی نیە و تەنها باسی هەیە و خەیاڵە.

فەرموودە زۆر زۆرە لەم بارەیەوە، کە هاوەڵان شتانێکیان بەکارهێناوە کە وێنەی تێدابووە، وەکو بەکارهێنانی دراوی فارس و ڕۆم کە وێنەی پادشاکانیانی لەسەربووە، وە هەروەها بەکارهێنانی کومبار و پەردەو قوماش کە وێنەی لەسەر نەخشێنراوە، بەڵام پێمان خۆشە هەندێك زیاتر لەسەر فەرموودەی شەشەم بوەستین چەند گوزارشتێکی لەسەر بکەین:

ئەوەی کە جێی تێڕامانە لێرەدا ئەوەیە، کە ئیمامی "قاسم" ی کوڕی "محمد" فەرموودەکەی دایکمان "عائشە" خوای لیّ ڕازیبێت ئەگێڕێتەوە، لە بارەی حەرامی وێنەوە، ئەی باشە چۆن خۆی لە ماڵەکەیدا دای ئەنێت ؟!

بێگومان ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە ڕێگە پێدراوو شەرعی زانیوە بەکارهێنانی شتێك کە وێنەی گیانلەبەری پێوەبێت، وە ئەو نەهیەشی کە لە فەرموودەکاندا هاتووە بە واتایەکی تر لێکی داوەتەوە، وە هەروەها پێشەوا "ئیبن حەجەر" ی "عەسقەلانی" کاتێك وەڵامی ئیمامی "نەوەوی" ئەداتەوە لەو بارەیەوە ئەفەرموێت:

(قَالَ النَّوَوِيُّ: وَذَهَبَ بَعْضُ السَّلَفِ إِلَى أَنَّ الْمَمْنُوعَ مَا كَانَ لَهُ ظِلٌّ، وَأَمَّا مَا لَا ظِلَّ لَهُ فَلَا بَأْسَ بِاتِّخَاذِهِ مُطْلَقًا، وَهُوَ مَذْهَبٌ بَاطِلٌ.... قُلْتُ(ابْنُ حَجَرٍ): الْمَذْهَبُ الْمَذْكُورُ نَقَلَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ مُحَمَّدٍ بِسَنَدٍ صَحِيحٍ... فَفِي إِطْلَاقِ كَوْنِهِ مَذْهَبًا بَاطِلًا نَظَرٌ... وَالْقَاسِمُ بْنُ مُحَمَّدٍ أَحَدُ فُقَهَاءِ الْمَدِينَةِ وَكَانَ مِنْ أَفْضَلِ أَهْلِ زَمَانِهِ وَهُوَ الَّذِي رَوَى حَدِيثَ النُّمْرُقَةِ فَلَوْلَا أَنَّهُ فَهِمَ الرُّخْصَةَ فِي مِثْلِ الْحَجَلَةِ مَا اسْتَجَازَ اسْتِعْمَالَهَا لَكِنَّ الْجَمْعَ بَيْنَ الْأَحَادِيثِ الْوَارِدَةِ فِي ذَلِكَ يَدُلُّ عَلَى أَنَّهُ مَذْهَبٌ مَرْجُوحٌ وَأَنَّ الَّذِي رُخِّصَ فِيهِ مِنْ ذَلِكَ مَا يُمْتَهَنُ لَا مَا كَانَ مَنْصُوبًا وَقَدْ أَخْرَجَ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ مِنْ طَرِيقِ

أَيُّوبَ عَنْ عِكْرِمَةَ قَالَ: كَانُوا يَقُولُونَ فِي التَّصَاوِيرِ فِي الْبُسُطِ وَالْوَسَائِدِ الَّتِي تُوطَأُ: ذُلٌّ لَهَا . وَمِنْ طَرِيقِ عَاصِمٍ عَنْ عِكْرِمَةَ قَالَ كَانُوا يَكْرَهُونَ مَا نُصِبَ مِنَ التَّمَاثِيلِ نَصْبًا وَلَا يَرَوْنَ بَأْسًا بِمَا وَطِئَتْهُ الْأَقْدَامُ)[1] .

واته: نەوەوی ئەفەرمویّت: هەندێك لـە پێشینان وای بۆ چوون كە (قەدەغەكراو ئەوەیە كە سێبەری هەبێت بە ڕەهایی، بەلاّم ئەوەی كە سێبەری نەبێت هیچ كێشەیەكی نیە)، ئەمە مەزهەبێكی باتڵە... ئەڵێم(ئیبن حەجەر): ئەو مەزهەبەی كە باس كراوە، ئیبن ئەبی شەیبە لـە قاسمی كوڕی محمدەوە بـە سەنەدێكی صەحیح نەقڵی ئەكات... وە لـەوەی كە مەزهەبێكی باتڵ بێت چـاو پیاخشـاندنەوەیەك هەیە...وە "قاسم" ی كوڕی "محمد" یەكێك بووە لـە زانا شەرع زانەكانی مەدینە وە یەكێك بووە لـە باشترینی كەسەكانی سەردەمی خۆی، وە هەر ئەوە كـە فـەرموودەی (النُّمْرُقَةِ)ی گێڕاوەتـەوە، ئەگەر بە ڕوخسەت تێ نەگەیشتێ لـەو پارچەیەی كـە وێنـەی تیابووە(لـەگـەڵ ئەوەشـدا بـەكاری هێناوە)، ئەوا بە ڕەوای نەدەبینی بەكاری بهێنێت، بەلاّم بە گوێرەی كۆكردنـەوەی فـەرموودەكان كە لـەم بارەیەوە هـاتوون، ئـەوە ڕوون ئەكاتـەوە كـە ئـەم مەزهەبـە مەزهـەبێكی مەرجوحە(واتـە مەزهەبی بەرامبەری لـە پێشترە كاری پێ بكرێت)، وە ئەوەی ڕێگەی پێ دراوە ئەوەیە كـە ئیهانـە كراوە نەك ئەوەی كە هەڵواسراوە، وە ئیبن و ئەبی شەیبە لـە "ئەیوب"ەوە ئەوەیش لـە "عیكریمە"وە فەرمویەتی: پێشینان لـەبارەی وێنەوە بە ڕەوایان ئەبینی ئەوەی كە ئیهانەكراوە وەكو فەرش و ڕاخەر و پاڵپشت و ئەوەی كە لـەبەر پێدا دائەنرێت و پێی پیا ئەنرێت، وە لـە "عاصم"ەوە و ئـەویش لـە "عیكریمە"وە : وە بە جائیزیان نەزانیوە ئەوەی كە هەڵەواسرێت لـە وێنـە، وە كێشـەی تیـا نـابینن لـەوەی كە ئەبێتە ژێر پێوە).

جا ئەوەی كە لـە وتەكەی پێشەوا ئیبن حەجەر وە دەست دێت ئەوەیە كە، وێنـەی گیانلەبـەر لـە ڕووی بەكارهێنانیەوە چەند جۆرێكە و بەم شێوەی خوارەوە دابەش ئەبێت:

[1] فتح الباري لابن حجر العسقلاني ١٠/٣٨٨

١. ئەوەی کە سێبەری هەیە وەکو پەیکەر و ئەو شتانەی کە هەڵەکۆڵرێن لە تەختەو بەرد ئەوا دروستکردن و بەکارهێنانیشی حەرامە.

٢. ئەوەی کە سێبەری نیە، وە ئەنەخشێنرێت لەسەر قوماش و پەڕۆ، وەکو پەردەو فەرش و کومبار و..هتد، ئەوا ئەبێتە دوو بەشەوە:

- ئەوەی کە هەڵەواسرێت لەسەر دیوار و پایەو...هتد، ئەوە ڕێگە پێدراو نیە بە هیچ شێوەیەك.
- ئەوەی کە هەڵناواسرێت و بەرز ناکرێتەوە بەڵکو لەسەری دائەنیشیت یاخود بۆ بەرپێ، ئەمەیان کێشەی تیا نیە (إن شاء الله)

وەکو بینیمان، ڕێگایان بە ئەو شتانە داوە کە هەڵناواسرێن وێنەی تێدابێت، وەکو کومبار و فەرش و شتێك کە لە ژێر پێدابێت، وە بەڵگەشیان هێناوەتەوە بەم ڕووداوە:

عَنْ بُسْرِ بْنِ سَعِيدٍ، عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ، عَنْ أَبِي طَلْحَةَ، صَاحِبِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ المَلاَئِكَةَ لاَ تَدْخُلُ بَيْتًا فِيهِ الصُّورَةُ» قَالَ بُسْرٌ: ثُمَّ اشْتَكَى زَيْدٌ، فَعُدْنَاهُ، فَإِذَا عَلَى بَابِهِ سِتْرٌ فِيهِ صُورَةٌ، فَقُلْتُ لِعُبَيْدِ اللَّهِ، رَبِيبِ مَيْمُونَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَلَمْ يُخْبِرْنَا زَيْدٌ عَنِ الصُّوَرِ يَوْمَ الأَوَّلِ؟ فَقَالَ عُبَيْدُ اللَّهِ: أَلَمْ تَسْمَعْهُ حِينَ قَالَ: «إِلَّا رَقْمًا فِي ثَوْبٍ»[١].

واتە: لە "بوسر"ی کوڕی "سعید"ەوە و ئەویش لە "زەید"ی کوڕی "خالید" وە ئەویش لە "ئەبی طلحە"ی هاوەڵی پێغەمبەری خواوە(صلی الله علیه وسلم): پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: فریشتەکان ناچنەماڵێکەوە وێنەی تێدابێت.

بوسر فەرمووی: زەید نەخۆش کەوت و ئێمەش سەردانیمان کرد، سەیرمان کرد ئەبینین لەسەر دەرگاکەی پەردەیەك هەیە و وێنەی تێدایە!!

[١] رواه البخاري ١٦٨/٧ ، برقم: (٥٩٥٨) و مسلم ١٦٦٥/٣ ، برقم: (٢١٠٦)

جا منیش به "عوبەید الله"م وت، کە "مەیمونە"ی خێزانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەخێوی کردبوو :

ئایا زەید هەواڵی پێ نەداین لەبارەی وێنەوە ڕۆژی یەکەم ؟!

عوبەید الله فەرمووی: ئایا گوێت لێ نەبوو کاتێك فەرمووی: «إِلَّا رَقْمًا فِي ثَوْبٍ»

واتە: مەگەر وێنەیەك بێت کە نەخشێنرابێت لەسەر جل و بەرگ و پۆشاك.

جا لێرەوە بۆمان دەرەکەوێت کە هاوەڵان بەکاریان هێناوەو زانایانیش لەسەری ناکۆکن، وە بابەتەکەش هەر لە کۆنەوە مشت و مڕی لەسەر کراوەو بۆ هیچ کەسێك نیە بەرامبەرەکەی ناچار بکات کە وەکو ئەوبێت و بەهەمان شێوەی ئەو لە بابەتەکە بڕوانێت، هەر وەکو پێشەوا "ئیبن و عەبدلبەر" ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرموێت:

(وَمِمَّا يَدُلُّ عَلَى أَنَّ الِاخْتِلَافَ فِي هَذَا الْبَابِ قَدِيمٌ مَا ذَكَرَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ عَنْ ابْنِ عُلَيَّةَ عَنِ ابْنِ عَوْنٍ قَالَ كَانَ فِي مَجْلِسِ مُحَمَّدِ ابنِ سِيرِينَ وَسَائِدُ فِيهَا تَمَاثِيلُ عَصَافِيرَ فَكَانَ أُنَاسٌ يَقُولُونَ فِي ذَلِكَ فَقَالَ مُحَمَّدٌ: إِنَّ هَؤُلَاءِ قَدْ أَكْثَرُوا عَلَيْنَا فَلَوْ حَوَّلْتُمُوهَا وَهَذَا مِنْ وَرَعِ ابْنِ سِيرِينَ رَحِمَهُ اللَّهُ)[1]

واتە: وە لە وانەی ئەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ڕا جیایی هەر لە کۆنەوە هەبووە لەم بابەتەدا، ئەوەیە کە "ئیبن و ئەبی شەیبە" لە "ئیبن و عولەیە"وە ئەگێڕێتەوە و ئەویش لە "ئیبن و عەون"ەوە : لە مەجلیسی "محمد" ی کوڕی "سیرین" دا هەندێك پاڵپشتی لێبوو کە وێنەی چۆلەکەیان تێدابوو، وەخەڵکانێك قسەیان لەبارەوەکرد لەوێدا، جا ئیبن و سیرین یش فەرمووی:بەڕاستی زۆری لەسەر ڕۆشتن بەڵکو لایدەن ئەو پاڵپشتانە، (پاشان ئەفەرموێ) وە ئەمەش بریتیە لە خۆپاریزی ئیبن و سیرین ڕەحمەتی خوای لێبێت.

[1] التمهيد لابن عبدالبّر ٢٠١/٢١ ، ت: مصطفى بن أحمد العلوي , محمد عبد الكبير البكري ، وزارة عموم الأوقاف والشؤون الإسلامية – المغرب ، ١٣٨٧ هـ

یانی لێرەوە بۆمان دەرەکەوێت کە ئیبن و سرین بە ڕەوای زانیوە بەکارهێنانی بەلاَم لەبەر ئەوان لایداوە.

ڕەنگە لێرەوە پرسیارێك بێ بە فكری خوێنەردا و بلێت: باشە ئەگەر درووستە بەکارهێنانی یانی نەخشاندنیشی هەر درووستە؟!

لە وەلاَمی ئەم پرسیارەدا ئەلێین نەخشاندنی دوو جۆرە:

یەکەم: وێنەیەك کە خۆچواندنی بە خوای گەورە تێدا نیە وەکو باسمان کرد، ئەمە هەم نەخشاندن و هەم بەکارهێنانیشی درووستە، بە ویستی خوای گەورە

دووەم: وێنەیەك خۆچواندنی تێدایە بە خوای گەورە، وە ئەمەش دابەش ئەبێت بەسەر دوو جۆردا:

- پەیکەر و ئەو شتانەی کە سێبەری هەیە، ئەمەیان درووستکردن و بەکارهێنانیشی بە هەموو شێوەیەك حەرامەو قەدەغەیە، وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کردووە بە شکاندن ولادانیشی، هەر وەکو وە سیەتی بۆ ئیمامی عەلی کردووە و فەرمویەتی:

عَنْ أَبِي الْهَيَّاجِ الْأَسَدِيِّ، قَالَ: قَالَ لِي عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ: أَلَا أَبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ «أَنْ لَا تَدَعَ تِمْثَالًا إِلَّا طَمَسْتَهُ وَلَا قَبْرًا مُشْرِفًا إِلَّا سَوَّيْتَهُ»[1].

واتە: لە "ئەبی هەیاجی ئەسەدی"یەوە فەرمووی: عەلی کوڕی ئەبی تالیب پێی وتم: ئایا نەتنێرم بۆ شتێك کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) منی بۆ ناردووە؟! ﴿هیچ پەیکەرێك نەهێلێتەوە ئیلا بیشکێنیت وە هیچ قەبرێك نەهێلێتەوە ئیلا ڕێکی بکەی لەگەڵ زەوی﴾.

وە ڕێك کردنەوەی قەبر لەگەڵ زەوی نەبەستراوەتەوە بە وەی ئایا بۆ ڕێزو شکۆ بەرزیان کردوەتەوە یاخود نا، بۆیە قەبر نابێت هەڵواسرێت و بەرز بکرێتەوە. والله أعلم

---

[1] رواه مسلم ٦٦٦/٢ ، برقم: (٩٦٩) ، وابن أبي شيبة في المصنف ٢٨/٣ ، برقم: (١١٧٩٦) ، و أحمد في المسند ١٤١/٢ ، برقم: (٧٤١)

- وێنەیەك کە ئەنەخشێنرابێ بە دەست لەسەر جل و بەرگ و کومبار و.. هتد ، دروستکردنی بەدەست و نەخشاندنی ڕێگە پێنەدراوە و حەرامە، چونکە خۆچواندنە بە خوای گەورە بەڵام بەکارهێنانی درووستە ئەگەر بۆ هەڵواسین نەبێت هەروەکو پێشتر باسمان کرد و نمونەمان هێنایەوە کە هاوەڵان بەکاریان هێناوە، هەر لە موستیلە و پارە و پول و دەفر و جل و بەرگ و پۆشاك، وە ئەشکرێ بڵێین: هەر وەکو هەمان فەتوای ئیبن و عەباس و حەکەم و غەیری ئەوانیش وایە کە لەبارەی کڕین و فرۆشتنی "مصحف"ەوە ئەیان فەرموو:

عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، «أَنَّهُ نَهَى عَنْ بَيْعِ الْمُصْحَفِ وَرَخَّصَ فِي شِرَائِهِ»[1].

واتە: لە موجاهیدەوە، ئەویش لە ئیبن و عەباسەوە "خوایان لێ ڕازیبێت" : ئیبن و عەباس نەهی کردووە لە فرۆشتنی موصحەفی قورئان بەڵام مۆڵەتی داوە بە کڕینی.

[1] المصاحف لأبي داود ، ص:٣٩٦ ، ت: محمد بن عبده ، الفاروق الحديثة – مصر / القاهرة ، ط: الأولى، ١٤٢٣هـ .

## چۆن تێ بگەین لە واتای فەرموودەکان؟!

ئەگەر بێت چاوێك بگێڕین بە فەرموودەکاندا ئەوا ئەبینین هەندێك فەرموودە هاتوون لەم بارەیەوە، کە فەرمان بە لادانی پەردەو ئەو شتانە ئەکات کە وێنەی تێدابووە، لەوانە:

عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْقَاسِمِ، قَالَ: سَمِعْتُ الْقَاسِمَ، يُحَدِّثُ: عَنْ عَائِشَةَ، أَنَّهُ قَالَ: كَانَ لَهَا ثَوْبٌ فِيهِ تَصَاوِيرُ مَمْدُودًا إِلَى سَهْوَةٍ، وَكَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصَلِّي إِلَيْهِ، فَقَالَ: " أَخِّرِيهِ عَنِّي " قَالَتْ: (فَأَخَّرْتُهُ، فَجَعَلْتُهُ وَسَائِدَ)[1].

واتە: لە "عبدالرحمن" ی کوڕی "قاسم"ەوە، فەرمووی: گوێم لە قاسم بوو کە لە عائشەوە فەرموودەی ئەگێڕایەوە و فەرمووی: پارچەیەك پەڕۆی هەبووە کە وێنەی تێدابووە و درێژ بوەتەوە تاوەکو لای تاقێك[2]، وە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیه وسلم) ڕووی تێ ئەکرد لەکاتی نوێژدا، جا بۆیە فەرمووی: ئەی عائشە! بیخە دواوە، وە عائشە فەرمووی:

منیش دوام خست و کردمە پاڵپشت.

ئەبینین کە هۆکارەکەی ئەوەبووە چونکە هەڵواسراوە بۆیە نەهی لێ ئەکات وە دواتر ئەیکاتە پاڵپشت و هەر لە ماڵەکەدایە بێ ئەوەی نەهی لێ بکات یاخود پێی بڵێت لایبە.

وە لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرموێت:

عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كَانَ لَنَا سِتْرٌ فِيهِ تِمْثَالُ طَائِرٍ، فَكَانَ الدَّاخِلُ إِذَا دَخَلَ اسْتَقْبَلَهُ، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " يَا عَائِشَةُ، حَوِّلِي هَذَا، فَإِنِّي كُلَّمَا دَخَلْتُ فَرَأَيْتُهُ، ذَكَرْتُ الدُّنْيَا "[3]

---

[1] رواه مسلم ١٦٦٨/٣ ، برقم: (٢١٠٧) ، و أحمد٢٤٢/٤٢ ، برقم: (٢٥٣٩٢)

[2] تاق یاخود ڕەفە یان دالآن یاخود ڕاڕەو کە لەناو دیواردایەو چوارگۆشەیە ولە ماڵدا شتی تێدا دا ئەنرێت.

[3] رواه مسلم ١٦٦٦/٣ ، برقم: (٢١٠٧ ) و أحمد ٢٦٤/٤٠ برقم: (٢٤٢١٨)

واته: عائشه ئەفەرموێت: پەردەیەکمان هەبوو کە وێنەی باڵندەی تێدابوو، ئەگەر بێت و کەسێك بهاتایەتە ژورەوە ئەوا بەرامبەری بوو، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرمووم:

ئەی عائشە ئەوە بگۆڕە چونکە هەرکاتێك سەیری ئەکەم دونیام یاد ئەکەوێتەوە.

ئەبینین کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی کردە هۆکار کە دونیای ئەکەوێتە یاد بۆیە فرمانی بە لادان و گۆڕینی کرد نەوەك شتێکی تر.

وە چەندین فەرموودەی تر کە پێغەمبەرخوا (صلى الله عليه وسلم) هۆکاری تێدا هێناوەتەوە وەکو، نەهێشتنی خشوعی نوێژ و بەرچاوکەوتنی لەکاتی نوێژ و...هتد

# حوكمی نوێژ كردن لە شوێنێكدا كە وێنەی تێدایە

لەوەی كە ڕابورد باسی جۆرەكانی وێنەو حوكمی هەندێكیانمان كـرد، وە ئـەوەی كـە ماوەتـەوە باسی لێوە بكەین ئەویش بابەتێكی گرنگە : (ئایا درووستە لە شوێنێكدا نوێژ بكرێت كـە وێنـەی تیادا هەڵواسراوە؟).

زانایانی پێشوو لەم بابەتە دواون و قسەیان لـێ كـردووە بـە درێـژی، وە ئـەوەی كـاری ئێمەیـە وتەكانیان نەقڵ بكەین و ئەگەر پێویستی كرد، چەند وتەیەكی كورت بڵێین لەسەری.

ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرموێ:

(وَأَمَّا الثَّوْبُ الَّذِي فِيهِ صُوَرٌ أَوْ صَلِيبٌ أَوْ مَا يُلْهِي فَتُكْرَهُ الصَّلَاةُ فِيهِ وَإِلَيْهِ وَعَلَيْهِ لِلْحَدِيثِ)[1].

واتە: وە پۆشاكێك كە وێنەی تێدابێت یاخود "خـاچ" یـان شـتێك كـە بـێ ئاگـات بكـات ئـەوا نوێژكردن پێوەی یان بەرەو ڕووی یان لەسەری كەراهەتی هەیە لەبەر ئەو فەرموودەیە.

دیارە لەبەر خاتری ئەو فەرموودانەی كە باس كران، وە هەروەها كەراهەت لای زانایانی پێشـوو زۆربەی جار لە شوێنی حەرام بەكارهاتووە، وە بە تایبەت تر ئەوە دەری ئەخات كـە بـۆ حەرامـە چونكە فرمانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)ی لەسەرە.

وە هەروەها زانایانی تریش بە هەمان شێوە ئەفەرموون: (وَيُكْرَهُ أَنْ يُصَلِّي فِي ثَوْبٍ فِيهِ صُوْرَةٌ)[2]

واتە: كەراهەتی هەیە نوێژ كردن بە جلێكەوە كە وێنەی تێدابێت.

---

[1] المجموع شرح المهذَّب للنووي ٣/١٨٠ ، دار الفكر

[2] كفاية الأخيار١/٩٣ ، و تحفة المحتاج في شرح المنهاج٢/١١٧ ، و الإقناع١/١٢٤ ومغني المحتاج١/٤٠٠ ، و حاشية الجمل على شرح المنهج١/٤٠٨ ، وحاشية البيجرمي على الخطيب١/٤٥٣ ، وإعانة الطالبين١/١٣٥

وە هەروەها ئیمامی بەهوتی ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرموێ:

(وَفِي الْفُصُولِ: يُكْرَهُ أَنْ يُصَلِّيَ إلَى جِدَارٍ فِيهِ صُورَةٌ وَتَمَاثِيلُ لِمَا فِيهِ مِنْ التَّشَبُّهِ بِعِبَادَةِ الْأَوْثَانِ وَالْأَصْنَامِ، وَظَاهِرُهُ: وَلَوْ كَانَتْ صَغِيرَةً لَا تَبْدُو لِلنَّاظِرِ إلَيْهَا، وَأَنَّهُ لَا تُكْرَهُ إلَى غَيْرِ مَنْصُوبَةٍ وَلَا سُجُودُهُ عَلَى صُورَةٍ وَلَا صُورَةٍ خَلْفَهُ فِي الْبَيْتِ وَلَا فِي فَوْقَ رَأْسِهِ فِي سَقْفٍ، أَوْ عَنْ أَحَدِ جَانِبَيْهِ، خِلَافًا لِأَبِي حَنِيفَةَ، (وَ) يُكْرَه (السُّجُودُ عَلَيْهَا) أَيْ الصُّورَةُ عِنْدَ الشَّيْخِ تَقِيِّ الدِّينِ...)[1]

واتە: وە لە کتێبی "الفصول": مەکروهە نوێژ ڕوەو دیوارێك بکات کە وێنەی تێدایە یاخود پەیکەر، لەبەر ئەوەی کە خۆچواندنی تێدایە بە بت پەرستانەوە، وە ئەوەی کە بەدەر ئەکەوێت(لەم بابەتە): ئەگەر چی بچوکیش بێت بە ئەندازەیەك کە دەرنەکەوێت بۆ ئەوکەسەی کە بۆی ئەڕوانێت، وە مەکروهـ نیە ڕووکردنە وێنەیەك کە هەڵنەواسرابێت، وە هەروەها سوجدە بردن لەسەری، وە وێنەیەك کە لە پشتیەوەیەتی لە ژوورەکەدا، وە وێنەیەکیش کە لە سەرویەتی و لە سەقفەکەدا، یان بێت و لە یەکێك لە لاتەنیشتەکانیەوەبێت، بە ڕا جیایی لەگەڵ "ئەبی حەنیفە"، وە مەکرووهە سوجدە بردن لەسەری، لای شیخ "تەقی دین"...).

وە کو ئەبینن زانایانی حەنبەلی مەزهەب لەم بابەتەدا جۆرێك لە جۆرەکان نەرمن، بەلاّم شافعی و حەنەفیەکان بەو شێوەیە نین، وە زانایانی دواییی شافعیەکان و حەنەفیەکان زۆر توندن و بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادەن لە شوێنێکدا نوێژ بکرێت کە وێنەی هەڵواسراوی لێبێت، وە تەنانەت هەندێکیان ڕێگە نادەن بە کەسێك کوێریش بێت نوێژی تێدا بکات، یاخود شوێنەکەش هێندە تاریك بێت نەیبینێت، یاخود لە دوایەوە بێت یان لە زەویشدابێت.

(وَلَوْ أَعْمَى أَوْ فِي ظُلْمَةٍ أَوْ كَانَتِ الصُّورَةُ خَلْفَ ظَهْرِهِ أَوْ مُلَاقِيَةً لِلْأَرْضِ بِحَيْثُ لَا يَرَاهَا إذَا صَلَّى عَلَيْهِ)[2]

---

[1] كشف القناع للبَهُوتي ١/٣٧٠ ، دار الكتب العلمية.

[2] حاشية الشبراملسي على نهاية المحتاج٢/١٤ ، دار الفكر، بيروت ، ط أخيرة – ١٤٠٤هـ ، و تحفة المحتاج للهيتمي مع الحواشي٢/١١٧ ، المكتبة التجارية الكبرى بمصر لصاحبها مصطفى محمد ،عام النشر: ١٣٥٧ هـ – ، و حاشية البُجَيْرَمِي على الخطيب١/٤٥٣ ، دار الفكر ، ١٤١٥هـ

واتە: ئەگەر چی كـوێریش بێـت یـان لـە تاریكیـدابێت یـان وێنەكـە لـە پشـتیەوەبێت، یـان بـە زەویەكەوەبێت بە شێوەیەك كە نەیبینێت ئەگەر نوێژی لەسەر كرد.

جا ئەم بابەتە نابێت كەمتەرخەمی تێـدا بكرێـت و پێویسـتە هـەر وێنەیـەك هـەبێت لا ببرێـت، وە نوێژكردن لـەو شوێنانەدا كەڕاهەتی هەیـە و لای هەنـدێك زانـاش درووسـت نیـە، ئـیلا مەگـەر ناچاربێت و شوێنێكی تر نەبێت.

# چەند تێبینیەکی گرنگ!

خوێنەری ئازیز دوای ئەوەی کە ئەم بابەتەت خوێندەوە و زانیت کە وێنە چیە و جۆرەکانی چیە و کامەیە حەڕامە و کامەش حەڵاڵە، ئێستا کاتی ئەوەیە چەند تێبینیەك باس بکەین بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین و هەڵە لە بابەتەکە تێ نەگەین :

- کاتێك ئەڵێین: وێنە درووستە مەبەستمان ئەوە نیە زیادڕەوی تێدا بکرێت و بەردەوام خەریکی وێنەگرتن بین، چونکە زۆر جار سەر ئەکێشێت بۆ موعجەب بوون بە نەفس و ئەمەش توڕەیی و خەشمی خوای گەورە بە دوای خۆیدا ئەهێنێت.
- ڕاستە وێنە حەڕام نیە بەڵام کاتێك تۆ وێنەکەت بۆ حەڕام بەکارهێنا، وەك ئەوەی هەڵیواسیت یاخود وێنەی ئافرەتێك نا مەحرەم ببینێت، واتە ئەتوانین بڵێین: وێنەی شتێك درووستە بگریت کە درووستبێت سەیری بکەیت، نەوەك بە داخەوە خەڵکێکی زۆر بێ گوێدانە شەرعی خوای گەورە وێنەی خۆیان و خێزانیان دائەنێن و بڵاوی ئەکەنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.
- وێنەی کاریکاتێر و ئەفلام کارتۆنیش بەهەمان شێوە حوکمی وێنەی فۆتۆیی هەیە و درووستە بەڵام، سەرنەکێشێت بۆ گاڵتەکردن بە مسوڵمانانان یاخود لەکەدارکردنی سومعەو کەسایەتی کەسێکی مسوڵمان.
- کەسێك کە وێنە ناگرێت و بە ڕەوای نابینێت، نەکەی هەرگیس گاڵتەی پێ بکەیت یاخود بە دواکەوتوی بزانیت، وە بزانە کە قیمەی دواکەوتویی ئەوەیە کە مافی قسەکردن یاخود ڕادەربڕین لە کەسێك بسەنیتەوە کە ئەهلە بۆ قسەکردن، وە ڕەنگە ئەو کەسەی وێنە ناگرێت لە زۆر ڕووشەوە لە تۆ پارێزراوتربێت.
- ئەم نووسینەی من بانگەشە نیە بۆ وێنەگرتن و کڕینی کامێرا، بەڵکو بەیانکردنی حەقیقەتێکە و وەکو ئەمانەتێکی عیلمی باسی ئەکەین، چونکە جۆرێك لە جۆرەکان حەقی تیادا شێوێنراوە و هەوڵماندا وە بەپێی توانا شتێکی کەم بگەیەنین بە تۆی خوێنەر و لەوە زیاتر نا.
- هەر وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەم پێی دا، ڕەنگە من لێرە نەپێکم و هەڵەم کردبێت، چونکە هیچ دارێك نیە کە لار و خواربێت ئیلا سێبەرەکەشی لار و خوارە، دەی بە هەمان شێوە

**ئێمەش معصوم نین لە هەڵەو کەم و کورتی، جا ئەوەشی لێمانەوە دەر ئەچێت لە نووسین و وتە، خاڵی نیە لە کەم و کورتی.**

**لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە لە کەم و کورتی و هەڵەو تاوانمان خۆشبێت، وە ئەوەی نووسیمان تەنها لەبەر خاتری خۆی بێت و بەدووری بکات لە سومعە و ڕیا...**

وَ آخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الحَمْدُللهِ رَبِّ العَالَمِيْنَ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى المَبْعُوْثِ رَحْمَةً للعَالَمِيْنَ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَمَنْ وَلاهُ

مروان الكردي

١/٧(مُحَرَّم) /١٤٣٧ هـ – ١٠/٢٠ (أوكتوبر) /٢٠١٥م

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەكی | ٥ |
| وشەی (الصُّورَة) لـه زمانەوانیدا | ٨ |
| جۆرەكانی وێنه لـه ئەمڕۆدا | ١٠ |
| لێكدانەوەی فەرموودەكانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لـه بارەی (الصُّورَة) | ١٢ |
| ئایا وێنەی فۆتۆگرافی ئەچێته چوارچێوەی فەرموودەكانەوه ؟! | ١٦ |
| تەنها به ناو حوكم نادرێت بەبێ گوێدانه ناوەڕۆك!! | ١٩ |
| ئەی ئاوێنه چی؟! | ٢٢ |
| ئەی ڤیدیۆ بۆ ؟! | ٢٥ |
| حوكمی بەكارهێنانی شتێك كه وێنەی تێدایه | ٢٧ |
| چۆن تێ بگەین لـه واتای فەرموودەكان؟! | ٣٥ |
| حوكمی نوێژ كردن لـه شوێنێكدا كه وێنەی تێدایه | ٣٧ |
| چەند تێبینیەكی گرنگ! | ٤٠ |
| ناوەڕۆك | ٤٢ |

# وێنەگرتن

